

لەوەتەی ژیانم هەیە خەریکی پێکەنینم

# ئەحمەد جۆلا
## بە منالی زۆر ورکن و گرینۆك بووم
## ئەو دەورەی ئێستاشم کت و مت منالی خۆمە

راپۆرتی هەردی مەهدی و عوسمان محەمەد

● هیچ کەسێك نییە منداڵە گرینۆکەکەی بەرنامەی بەرنامەی بینیبێت و خۆشەویستی ئەو لە دڵیدا دروست نەبووبێت، پیاوێك هەمیشە دەم بە پێکەنین، ئەگەر بیەوێت خۆی دەکات بە گێلترین پیاوی دنیا، لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت ڕۆڵی ڕەخنەگرێکی زۆرزان بگێرێت. ئەو پیاوە (ئەحمەد جۆلا)ی هونەرمەندە، کە لە توانایدایە لە ڕێگەی کۆمیدیاوە دەست بۆ کڵاوی سوڵتانیش بەرێت، لەم دیدارەدا (ئەحمەد جۆلا) نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو.

**لڤین: گەر بکرێت قسە بکەیت لەسەر دەستپێکردنی ژیانی هونەریت؟**

ئەحمەد جۆلا: بۆ یەکەمجار لەساڵی (1979) لەگەڵ کاك (دڵشاد ئەحمەد) شانۆگەرییەکمان ئامادەکرد، بەناوی (بروسکەیەك بۆ شاتێلا)، من دەورێکم هەبوو لەو شانۆیەدا، بەڵام ئەو شانۆیە نەکرا، چونکە کاك دڵشاد کە پێشمەرگە بوو، ڕۆیشتە دەرەوە، ئیتر شانۆکەمان بۆ نەکرا و تیپەکەش هەڵوەشایەوە و منیش چوومە تیپی هونەری میللی، لەو کاتەشدا دوو سێ کارمان کرد، لەوانە شەوێك لە ژیانی خانزاد، بوکی ژێر دەواری ڕەش، پاشان من دوو ساڵ زیندانی کرام، بەڵام دوای ئەوە دەستمان پێکردووە لەدوای ڕاپەڕینیش درامای (ئەنگوستیلە)مان کرد، کە کاری ڤیدیۆ بوو نەك کەناڵ دوای ئەوەش (گلکۆی تازەی لەیل) کە درامابوو، پاشان (مۆرانە) و شانۆی (ئەبێ هەر بێت) و (خولە پیزە) و چەندان ئیشی تر، تا (بەرنامەی بەرنامە) کە لە ساڵی(1998)ەوە لەگەڵیدا کاردەکەم.

**لڤین: چۆن دەڕوانیتە ژیانی تایبەتیت، تاچەند لێی ڕازیت؟**

ئەحمەد جۆلا: ئەزانیت چۆنە، من بە قەناعەتی خۆم ئەم ولاتەم خۆش ئەوێت، وەکو خێزانیش زۆرباشم و وەك داهاتیش خراپ نیم، چونکە من تەنها هونەرم نەکردووە بە بازرگانی، جگە لە هونەر من ڕۆژانە خەریکی ئیشم، وەستای دار و تەختە و شیش بەستنم، زۆربەی جاریش بە هیلاکی زۆرەوە هاتوومەتەوە بۆ بەرنامەی بەرنامە .

**لڤين: تا ئێستا لێت تێك نەچووە، لەگەڵ كرێكارەكاندا وەك ستافی بەرنامەی بەرنامە بجولێیتەوە و وابزانی هەمان تاس و حەمامە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: زۆرجار لێم تێك چووە، لەگەڵ كرێكارەكاندا شتی ناو بەرنامەی بەرنامەم دووپات كردۆتەوە، زۆر جار لە بەرنامەی بەرنامەدا كاك بەرزان لێم تورە بووە و قسەی پێ وتووم، منیش لەوێ عەینی كەلیمەم بەكرێكارەكەم وتووە.

**لڤين: چۆن ئەروانیتە رۆڵی خۆت لە برگەی مرۆڤ و تەلەفزیۆندا؟**

ئەحمەد جۆلاَ: لە مەسەلەی ئەو برگەی تەلەفزیۆنەیا كەمن دەوری منالێك ئەبینم زۆر كەس هەیە بە سادەیی ئەیگرێ، بەلاَم بەراستی قورسە چونكە گەورەیەك دەوری منالێك ئەبینێ، بۆیە ئەو دەورەم وەرگرتووە، چونكە وەك ستافەكەش لەهەر هەموویان منالترم، بووومەتە برا بچووكی هەموویان، خۆی راستییەكەی من دەوری منالێكی مەنغۆلیش ئەبینم.

**لڤين: رەنگە خەڵك بلێت زەمانە عەكس بۆتەوە پیاوێك لە منالێك باشتر منالە؟ تۆ ئەڵێی چی؟**

ئەحمەد جۆلاَ: ئێمە ویستمان منالێكی راستی بێنین و ئەو دەورەی بەینێ، بەلاَم ئەو تامە و چێژەی خۆی نەئەدا.

**لڤين: بەلاَم لەوبرگەیەدا زۆر گرینۆك و ورکنیت، رەنگە خۆت بەمنالی وابوویت؟ وایە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: كت و مت، من لە منالیدا زۆر تورەبووم، مەناعەتم نەبوو لە سەعات (10)ی بەیانییەوە بگریم هەتا سێی پاش نیوەرۆ، یانی ئەگەر ورِكم بۆ شتێك بگرتایە، یان ئەبوو بۆبكرِن یان من بەردەوام ئەبووم لەورِك.

**لڤين: تۆ ئەگەر (ئەحەی جۆلاَ) نەبیت و وەك من بینەرێك بیت؟ بە ویژدانەوە چۆن دەورەكانی خۆت هەڵئەسەنگێنیت؟ لەچی رازیت و لەچی نارازیت؟**

ئەحمەد جۆلاَ: وەك بەرنامەی بەرنامە ئەوە بەراستی خەڵك لای باشە و حوكمی بۆ ئەدات، ئەڵێ كەس (بەدۆی خۆی نالێت ترشە)، بەلاَم ئێستا سەیری برگەكانی بەرنامە دەكەم لەناو خەڵكدا باشە و سەركەوتووە، زۆرمان پێخۆشە من ناتوانم جوابی ئەوپرسیارە بدەمەوە و لە خۆم بێمە دەرەوە.

**لڤين: بەلاَم لە مێژووی هونەریتدا چیت بەلاوە پەسەند نەبووە؟ لە فلیم و كارەكانی تردا؟**

ئەحمەد جۆلاَ: بەڵێ تیایەتی، چونكە ئینسان لە دنیادا ئیشی باشیش ئەكات و ئیشی خراپیش، وەك (بۆیاخچی، ئاژاوەچییەكان) لێیان رازی نیم.

**لڤين: بۆچی لێیان رازی نیت؟**

ئەحمەد جۆلاَ: ئەوكاتە ئیحتیمالە ئەو فلیمانەمان بۆ ئەوە دەركردبێت مەسەلەی نەبوونی و لەپێناوی مادەدا بوبێت، بەلاَم تەنها ئەو ئیشە بوو، ئیتر لەدواییدا نەچوومەتەوە سەر ئیشێكی تر كە بە دڵم نەبێت، هەرچەندە لای من ئیش نییە سفربێت وەك ئەوەی رۆژانە ئەكرێت هەموو ئیشێك دەرەجەی خۆی هەیە.

**لڤين: تۆ خۆت حەزئەكەی لە ژیاندا كۆمیدی بیت؟**

ئەحمەد جۆلاَ: وەلاهی لە برگە و كارەكانمدا چۆنم لە ژیاندا ئاوام، ئیتر ژیانی نارەحەتیشم بینیوە، بەلاَم لە بەرنامەی بەرنامەدا چۆنم لە ژیانی خۆشا ئاوام، حەزم لە قسەی خۆشە، باوەر ناكەم لە ژیاندا هەرگیز خۆم بە مرومۆچی دیبێ لەوەتەی ژیانم هەیە هەر خەریكی پێكەنینم.

**لڤين: نواندن و كاری هونەری چی پێداوی؟ چی لێسەندیتەوە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: وەك زەرەر رۆژانە زەرەری مادیمان لێدەكەوێت، بەلاَم كە بەرنامەكە دەبینی و ئیشەكەت دیارە ئیتر خۆشحاڵ دەبیت.

**لڤين: جارێك هەبووە بەڵێن بدەی بە كەسێك كە موسەلەحی بۆ ببەستیت و دوایی نەچی بە دەمیەوە بەهۆی بەرنامەی بەرنامەوە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: زۆرجار هەبووە، حالیەن بینایەك هەبوو بەبۆنەی ئەوەوە دواكەوتم.

**لڤين: باشە ئەوە گەندەڵی نییە؟ وەعد نابەیتە سەر؟**

ئەحمەد جۆلاَ: كاكە خەتای من نییە فەنەكەم بەلاوە گرنگترە، من هەموو جارێ وتوومە لە دنیادا لە تەمسیلكردن خۆشتر نییە.

**لڤين: خێزانەكەت چۆن سەیری هونەرەكەت دەكەن؟ لێی رازین؟**

ئەحمەد جۆلاَ: بەڵێ لە خەڵك زیاتر هانم دەدەن و زیاتر سەیری برگەكانیش دەكەن، دەیان جار پێیان وتووم بۆ ئەوەت كرد و وات بكردایە.. و بەوجۆرە، ئێستا كورێكم هەیە تەقریبەن (4–5) ساڵە سیدییەكی بەرنامەی بەرنامەی هەیە، ئیتر لە بەیانییەوە لێیدەدات تا ئێوارە، كاكە خۆشمان پێی نارەحەتین، ئەرێ تەواو نەبوو، بەسە ئیتر، كورێكیشم هەیە سەیری بەرنامەكە ناكات، ئەسڵەن من حەزیش ئەكەم خێزانم بەشدار بێت، بەلاَم ئیتر كە خۆی حەزنەكات، چی ئەڵێیت، نایكات.

**لڤين: بەرنامەی بەرنامە بەرنامەیەكی رەخنەگرانە دەركەوتووە، ئایا ئەمە بۆچی وایە لە كاتێكدا لە تەلەفزیۆنێكی حزبیدا پەخش ئەكرێت، خەڵك ئەڵێت ئەمە رەنگە بۆ (تەنفیس) بێت؟**

ئەحمەد جۆلاَ: بەڵێ تەلەفزیۆنەكە سەر بە یەكێتییە، بەلاَم تا ئێستا كەس پێی نەوتووین ئەوە مەكەن و رەخنە مەگرن.

**لڤين: چەند منداڵتان هەیە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: دوو كور و كچێك، یەكێكیان ناوی هەژیرە كە خەسوم پێی ئەڵێت هەنجیر.

**لڤين: پرسیارێكی تایبەت، زۆرجار لە بازاردا بینیومی زۆر شپرزەیت و ئەڵێی دووسێ ئیشت بەجێهێشتووە، یان وەك بلێی شتت لێئەكەوێت؟ بۆچی بەوجۆرەیت؟**

ئەحمەد جۆلاَ: كاكە من دایمە لەسەر خەیاڵ ئەژیم، یانی بەراستی كە ئەرۆم ئاگام لێی نییە، برادەر هاتووە ئەڵێت ئەوە عەیب ناكەیت سەلام ناكەیت، بەراستی ئاگام لێنییە، یانی بروابكە لە بازارا لە تەنیشت ژنەكەی خۆمەوە رۆیشتووم نەمناسیوەتەوە و سەلامم لێنەكردووە، ئیتر بلێم چی وا دروست بووم.

**لڤين: لەكاتی مامەڵەی بازاردا هەروەك بەرنامەكە ئەدوێی؟ یان بلێین زۆرجار هەر بەقسەی خۆش دەستدەكەیتە مامەڵە، ئەمەیان چۆنە و بۆچی؟**

ئەحمەد جۆلاَ: من ئەگەر بمەوێت شتێك بكرم و بزانم گرانە ئەوەندەی پێ ئەڵێم (ئەم شتە یەك گۆڵییە یان دوو گۆڵی؟!) یانی كە ئەڵێم دوو گوڵییە، واتە مامەڵەی تیایە؟ بۆئەوەی دایشكێنم.

**لڤين: لە كاتی ژیانی رۆژانەتدا چ قسەیەكی خۆشت لە بیرە؟**

ئەحمەد جۆلاَ: ماوەیەك تەكسییەكم پێبوو، ژنێك دەستی لێراگرتم وتی"بە چەند ئەمبەی بۆ سەرچنار"

وتم بە (10) دەقە، من ڕاستم پێی وت، ئەو بە تەمابوو سیرەکەی پێ بڵێم.

**لڤین: لە ژیانی هونەریت تا چەند سودمەند بوویت؟ بۆ نموونە چوون بۆ داوای کچێك بۆ برادەرێکت وتبێتیان لەبەر خاتری (ئەحمەد جۆلاّ) ڤەینا ئێمە ڕازین؟ یان کارێکی ترت دەستکەوتبێت لەو بابەتانە؟**

ئەحمەد جۆلاّ: زۆرجار شتی وابووە، قەناعەتت هەبێت، قسەمان ئەرواتی ڕەواجی هەیە قسەمان، لە هەموو شوێنێکدا، خەڵك ئیحترامێکی تایبەتمان لێئەگرێت، بەلاّم ئیتر دنیاکەش وایە، دوو هەنگاو لەبرادەرەکەت دور کەوتیتەوە زەمت ئەکات، بەلاّم بەگشتی خەڵك ئیشمان بۆ ئەکات و بۆمان ئاسان ئەکەن.

**لڤین: ئەی کێ سڵتان لێئەکاتەوە و دور ئەکەوێتەوە لێتان؟**

ئەحمەد جۆلاّ: ئەوانەی کە کاربەدەستن و ئیشیان بە دەستە، مەسەلەن ئێستە من ویستم قادرمەیەك بکەم قانوونی نەبوو، داوای کەشفم لە موهەندس کرد، بۆی نەکردم، کەشفەکەی بۆ نەکردم وتی نا قانونییە، وتی کوڕە سبەینێ لە بەرنامەدا باسم ئەکات.

**لڤین: باشە ئێوە ڕەخنەی زۆر لە حکومەت لەسەرۆکی حکومەت ئەگرن، ئەگەر بچیتە جێگەکەی ئەو چی ئەکەی؟**

ئەحمەد جۆلاّ: وەلاّهی ناچم، شوێنەکەی زۆر ناخۆشە.

**لڤین: بۆچی؟**

ئەحمەد جۆلاّ: حەزی پێناکەم، ناخۆشە، حکومەت بەس لە دوورەوە خۆشە.

**لڤین: بۆ نموونە تۆ ڕەخنە ئەگریت لە (حاکم قادر) ئەڵێی ڤیرەکەی خراپە ئەگەر خۆت لە جێگەیدا بیت چی ئەکەیت؟**

ئەحمەد جۆلاّ: وەلاّهی لەوانەیە من زۆر لەو خراپتر بم،چونکە تۆ ئاگات لێیە ئینسان لە یەك لەحزەیا ئەگۆڕێت، پشتی مێز زۆر موشکیلەیە، من هەموو جارێك بە کاك بەرزان ئەڵێم (خەڵك بەلاتی جوانە، کە بوو بە ساحێبی پارە شتی بیر ئەچێت).

**لڤین: چۆن ئەڕواننە ڕەخنەکانتان کە ئاڕاستەی حکومەت ئەکەن؟**

ئەحمەد جۆلاّ: لای ئێمە قەدری کۆمیدی و کاریکاتێر ناگیرێت، مەسەلەن من مەسئولی وا ئەبینم ڕەخنەمان لێگرتووە، وتویەتی (بەرنامەی بەرنامە خۆشبوو)، کاکە زۆر سەیرە، خۆشبوو بەس لە نان خواردندا هەیە، برادەری مەسئول هەیە کاریکاتێریان لەسەر کردووە، پێکەنیوە وتوویەتی (ئەهێهێ، ئەها کردوومیان بە کاریکاتێر)، پێکەنیوە، ئاخر شتی وا چۆن ئەبێت، لە جیاتی ئەوەی بزانێ بۆ باسی ئەکرێت.

**لڤین: لەکاتی پرۆڤەدا کە لێت تورە بووبن، ئەتوانی شتێك بگێڕیتەوە؟**

ئەحمەد جۆلاّ: ڕۆژێکیان مەشهەدی سجنەکە تۆزێکم کردبوو، وتم ئەچم ئیسراحەتێك ئەکەم، ئەوەنە لەسەر خەیاڵ بووم دوای دوو ڕۆژ هاتمەوە، بەلاّم کە هاتمەوە کردیانم بە فلیم ئەوەنەیان جنێو پێدام.

**لڤین: لە ئەکتەرە کۆمیدییەکاندا بەکێ سەرسامی؟**

ئەحمەد جۆلاّ: وەلاّهی بە شارلی شاپلن، مڵسین، عادل ئیمام.

**لڤین: تۆ خۆت بە بینینی چ ئەکتەرێك پێکەنینت دێ؟**



ئەحمەد جۆلاّ: کاکە دور بۆی مەڕۆ، من هەر کە کەمال چالاك ئەبینم پێکەنینم دێ، هەر کەبینیم خۆم ناگرم.

**لڤین: گریمان یەکێك وتی" ئەحەی جۆلاّ ناتوانێ من بخاتە پێکەنین" تۆ چۆن ڕووبەڕووی دەبیتەوە؟ ئەتوانی بیخەیتە پێکەنین؟**

ئەحمەد جۆلاّ: ئەتوانم، شتێك ئەکەم هەر ئەبێت پێبکەنێ، ئەی چی ئەکات.. ئیتر ئێستا ناکرێت پێت بڵێم چی ئەکەم، با ئەم تەسجیلە لابەی شتێکت بۆ ئەگێڕمەوە.

**لڤین: کۆمیدیایەك هەیە مەبەستدار هەشە بۆ گاڵتەجارییە؟ تۆ لە کامیاندا کاردەکەیت؟**

ئەحمەد جۆلاّ: وەلاّهی من لە مەبەستداردا ئیش دەکەم.

**لڤین: کۆتا پرسیار، ئەڵێن دوو تەکلیفت لە کاك بەرزان کردووە بۆ ئەوەی ببیتە کارمەندی ڕادیۆ و ڕەفز کراوە، چیبوون؟**

ئەحمەد جۆلاّ: وەلاّ جارێکیان وتم کاك بەرزان بمکە بە وێنەگری ڕادیۆ وتی نابێت، جارێکی تریش وتم بمکەن بە موزیعی ڕادیۆی خاك کاك بەرزان پێی وتم کاکە تۆ ببی بە موزیع، خەڵك وائەزانێت موکەبەرەی ڕادیۆکەی دڕاوە.

**لڤین: ئێمە زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە؟**

ئەحمەد جۆلاّ: زۆر خۆشحاڵبووم ئیشەلاّ لەمەودوا ئەو مجەلەی لڤینە خەڵك وەك نانەوا سەرەی بۆ ئەگرێت و بەرناکەوێت.

## ئەگەر بمکەنە سەرۆکی حکومەت نایکەم ،چونکە جێگەکەی زۆر ناخۆشە